# پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد

# صلى الله عليه وسلم




رسول الإسلام ﷺ كردي سوراني

بيان الإسلام

Bayan AL-Islam

ح جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات، **1445 هـ**

اللغات ، جمعية خدمة المحتوى الإسلامي

رسول الإسلام - كردي سوراني. / جمعية خدمة المحتوى

الإسلامي باللغات - ط.1 - الرياض ، **1445 هـ**

**28** ص ؛ **14 × 21** سم

ردمك: **978-603-8442-03-6**

**1445 / 18165**

## شركاء التنفيذ :

بيان الإسلام

جمعية الربوة

رواد التراجم

المحتوى الإسلامى

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص

Tel : +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245-2836
www.islamiccontent.org

# پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد

# صلى الله عليه وسلم

## به ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

## پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد - صلى الله عليه وسلم-

پـــوختەیەک ســـەبارەت بە پێغەمـــبەری ئیســـلام موحەمەد[1] -صلى الله عليه وسلم- کە تێیدا ئەمانە باســکراوە: نــاوی وڕەچەڵەکــی وشــوێنی لەدایکبــوون وپەروەردە بــوونی وهاوســەرگیری وپەیــامەکەی وئەو شتانەی بانگەشـەی بـۆ کـردووە، ونیشـانە وئایەتەکانی پێغەمبەرایەتـــی، وشـــەریعەتەکەی وتێڕوانینـــی بەرهەڵستکارانی (دوژمنانی) سەبارەتی.

### ١- ناوی وڕەچەڵەکی وئەوشارەی تێیدا لەدایکبووە و پەروەردە وگەورەبوونی

پێغەمـبەری ئیسـلام: مـوحەمەد کـوڕی عبـدالله کـوڕی عبـدالمطلب کـوڕی هاشـم لە نەوەی ئیسـماعیلە کـوڕی ئیبراهیم -عليهم السلام-. پێغەمبەری خـودا ئیبـراهیم -عليه السلام- لە شـامەوە هـات بـۆ مەکـکە، وهـاجەرەی

[1] وشەکانی (پێغەمبەر و موحەمەد) پێکەوە لە بڕگەکاندا داماون ئەمیش وەکو ڕەچاوکردنێک بۆ وەرگێڕان، بۆیە هیوام وایە تێبینی ئەمە بکرێت.

خێزانی وئیسماعیلی کوڕی لەگەڵدا بوو، وئیسماعیل -علیه السلام- منداڵێکی ساوا بوو، بە فەرمانی خوای گەورە هەردوویانی لە مەککەدا نیشتەجێ کرد، وکاتێک ئیسماعیل -علیه السلام- بوو بە گەنج؛ پێغەمبەر ئیبراهیم -علیه السلام- گەڕایەوە بۆ مەککە، وخۆی وئیسماعیلی کوڕی کەعبەیان -ماڵی خودایان- دروستکرد، وخەڵکی نیشتەجێبوو لە دەوروپشتی ماڵی خودا و زۆر بوون، ومەککە بوو بە شوێنی مەبەست بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پەروەردگار بپەرستن، وبۆ ئەوانەی دەیانەوێت حەجی ماڵی خودا بکەن، وخەڵکی بەردەوام بوون لە پەرستنی خوای گەورە لەسەر تەوحید (یەک خودا پەرستی) لەسەر ئاینی ئیبراهیم -علیه السلام- هەتا چەند سەدەیەک.

پاش ئەوە لادان وتاوانەکان سەریان هەڵدا لە دوورگەی عەرەبی هەروەکو شوێنەکانی تری سەر زەوی، وتاوانەکانی سەردەمی بت پەرستی وجاهیلیەت تێیاندا تەشەنەی کرد وەکو: بت پەرستی، وکوشتنی کچان، وستەمکردن لە ئافرەتان، وشاهێدی دانی درۆ، وئارەق (مەی) خواردنەوە، وئەنجامدانی تاوان وخراپەکارییە

قێزەوەنەکـان، وخـواردنی مـاڵی هەتیـو وخـواردنی ڕیبـا (سـوو). لەم شـوێنەدا ولەم ژیـنەگەیەدا پێغەمـبەری ئیسـلام مـوحەمەدی کـوڕی عبـداللە لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم -علیهم السلام- لەدایکبوو، لە ساڵی 571 ز، پێش لەدایکبوونی باوکی کۆچی دوایـی کرد، ولە تەمەنی شـەش ساڵیدا دایکـی کـۆچی دوایـی کرد، ومامی ئەبو تاڵیب بەخێوی کـرد وپەروەردەی کـرد، وبە هەتیـوی وهەژاری گەورە بـوو، وبە کـاری دەسـتی خۆی خواردن وبژێوی ژیانی پەیدا دەکرد.

## ٢- هاوسەرگیرییەکی پیرۆز لەگەڵ ئافرەتێکی پڕ خێری خانەدانی گەورە

وکاتێـک تەمەنـی گەیشـتە بیسـت وپێـنج سـاڵی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی بەڕێـزی شـاری مەکـکە کـرد بە نـاوی خەدیـجەی کچـی خوەیلـد -ڕەزای خـوای لێبێـت-، وچـوار کـچ ودوو کـوڕی لە خەدیـجە بـوو، کوڕەکان لە تەمەنی منداڵیدا مـردن، ومـامەڵەی لەگەڵ خێـزانەکەی ومنـداڵەکانی لە ئەوپەڕی نەرم ونیـانی وخۆشەویسـتیدا بـوو، بـۆیە خەدیـجە زۆر خۆشـی

دەویســـت، وئەویــش بەهەمــان شــێوە خەدیــجەی خۆشدەویست، وتەنانەت پاش مردنی خەدیجە هەر لە بیـری نەکـرد، وئـاژەڵی دەکـرد بە قوربـانی وگۆشـتەکەی دەبەخشـــی بە هاوڕێکـــانی خەدیـــجە -ڕەزای خـــوای لێبێـت- ئەمـیش وەکـو چاکەکـارییەک بەرامـبەری وبـۆ ڕێزلێنانی وبۆ پاراستنی خۆشەویستی.

## ٣- دەستپێکردنی وەحی (سروش)

پێغەمبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسـلم- لەسـەر ڕەوشتێکی مەزن بوو ؛ هەر لەو کـاتەوەی پەروەردگـاری خولْقانـدوویەتی، وگەلەکەی بە (الصـادق الأمـين) واتە: (ڕاستگۆی دەستپاک) ناویان دەبرد، ولە کارە مەزنەکاندا بەشداریان دەبوو، وڕقـی لە تاوانەکـانی سـەردەمی بـت پەرستی وجاهیلیەتی خەڵکی مەککە بـوو وهەرگیـز لەم تاوانانەدا بەشداری نەدەکرد.

وکاتێک تەمەنی گەیشتە چل ساڵ لە مەککە ؛ خـوای گەورە هەڵبیـژارد بـۆ ئەوەی ببێـت بە پێغەمـبەر، بـۆیە جبريـل -عليـه السـلام- (کە فریشـتەیەکی تـایبەتە بە هێنانی وەحی -سروش- بۆ پێغەمـبەران) هـات بـۆ لای

وسەرەتاکانی یەکەم سورەتی قورئانی پیرۆزی بۆ هێنـایە خوارەوە، کە خوای گەورە دەفەرموێت:

{اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّـكَ الَّـذِى خَلَـقَ (1) واتە: {(ئەی پێغەمـبەر -صلی الله علیه وسلم-) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە (1) خَلَقَ الْإِنسَـانَ مِـنْ عَلَـقٍ (2) واتە: مرۆڤـی دروســت کـردوە لە خــوێنێکی بەســتوو (2) اقْــرَأْ وَرَبُّــكَ الْــأَكْرَمُ (3) واتە: بخــوێنە، پەروەردگـاری تـۆ (لە هەمـوو کەس) بەخشـندەترە (3) الَّــذِى عَلَّــمَ بِـالْقَلَمِ (4) واتە: ئەوەی کە (مرۆڤـی) فێـری (نووسین) کردووە بە قەڵەم (4) عَلَّمَ الْإِنسَـانَ مَـا لَـمْ يَعْلَـمْ (5)} واتە: مرۆڤــی شــارەزا کــردووە بەو شــتانەی کە نەیدەزانی (5)} [سورەتی العلق: 1-5]،

هات بۆ لای خەدیجەی خێزانی -ڕەزای خوای لێبێـت- و دڵـی دەلەرزا، وڕووداوەکەی بـۆی باسـکرد؛ وخەدیـجە دڵنیا وئارامی کردەوە، وبـردی بـۆ لای کـوڕی مـامێکی بە نــاوی وەرەقەی کـــوڕی نەوفەل -کە پێشـــتر بـــوو بە نەسڕانی وتەورات وئینجیلی خوێندبووەوە-؛ خەدیـجەی پێـی ووت: ئەی کوڕی مام، گوێبگرە بزانە کـوڕی بـراکەت چـی دەڵێـت: وەرەقە بە پێغەمـبەری ووت -صـلی الـلە

عليه وسلم-: ئەی کوڕی براکەم چیت بینی؟ پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- ئەو ڕووداوەی بەسـەریدا ڕوویدا بۆی باسکرد، وەرەقە پێـی ووت: (ئەوە جبـریلە کە خـودا دایبەزانـد بـۆ سـەر موسـا، خۆزگـایە گەنـج دەبـووم، خۆزگـایە زینـدوو دەبـووم لەو کـاتەی کە قەومەکەت تۆ دەردەکەن، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا ئەوان من دەردەکەن -لە مەکـکە-؟»، ووتـی: بەڵـێ، هەرپیاوێـک وەکـو تـۆ ئەم پەیامەی هێنا بێت؛ ئەوا دژایەتی کراوە، ئەگەر بگەم بە ڕۆژەکانت بە ئەوپەڕی هێزەوە سەرت دەخەم)[٢]

ولە مەککەدا بەردەوام قورئانی پیـرۆز بـۆ پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- دادەبەزی، کە جبریـل -عليـه السـلام- دەیهێنـایە خـوارەوە لە لایەن پەروەردگـارەوە، وهەروەها جبریل وردەکاری پەیامەکەی بۆ دەهێنا.

وبەردەوام بـوو لە بانگەشـەکردنی گەلەکەی بـۆ ئـاینی ئیسـلام، بەڵام ئەوان بەرامـبەری وەسـتان ودژایەتیـان کرد، ومـاڵ وموڵـك وسـامانێکی زۆریـان خسـتە پێشـی

---

[٢]متفق عليه، صحيح البخاري: (٢)، وصحيح مسلم: (١٥٢).

بەرامــبەر بە وەســتان لەم بــانگەوازی وپەیــامە بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمـوو ئەمـانەی ڕەت کــردەوە، وئەوەیــان پێــی ووت کە بێبــاوەڕان بە پێغەمبەرانــی پێشـــوویان دەووت: ســـاحیرە، درۆزنە، وبانگەوازەکەیان لەسەر تەنگ کردەوە، وهێرشیان کردە سەر لاشەی پیرۆزی وشوێنکەوتووانیان چەوساندەوە.

پێغەمــبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام لە بــانگەوازی کــردن بــۆ لای خــوای گەورە لە مەکــکە، ولە وەرزی حەج و وەرزی بـــازاڕە عەرەبیەکانـــدا بە خەڵکـــی دەگەیشــت وبانگەوازیــانی دەکــرد بــۆ ئــاینی ئیســلام، ومەبەســتی دونیــا ودەســەڵات نەبــوو، وبە شمشــێر خەڵکــی نەترســاند، ونە دەســەڵاتدار ونە پادشــا بــوو، وبەرەنگـــــــاربوونەوەی ڕاگەیانـــــــد لە ســـــــەرەتای بانگەوازیەکەیـدا ئەویـش ئەوە بـوو ئەگەر دەتـوانن بـا کتێبێک بهێنن وەکـو قورئـانی پیـرۆز، وبەردەوام بـوو لە بەرەنگـــاربوونەوەی بەرهەڵســـتکارانی بە بەڵگەکـــانی قورئان، بۆیە خەڵکانێک باوەڕیـان پێـی هێنـا وبـوون بە هــاوەڵی -ڕەزای خوایــان لێبێــت-. لە مەکــکەدا خــوای گەورە ڕێزی لێنا ئەویـش بە شـەوڕەوی (ئیسـراء) بەرەو

(بیـت المقـدس) له شـام، وپاشـان بەرز بـووەوە بەرەو ئاسمان (المعراج)، وزانراوە کە خودا پێغەمبەر ئیلیـاس ومەســیحی (عیســای) بەرز کــردەوە بەرەو ئاســمان - علیهمــا الســلام-، وئەمـــیش له لای مســـوڵمانان ونەسڕانیەکان باسـکراوە. پێغەمـبەر -صـلی اللـه علـیه وسـلم- له لایەن خـوای گەورەوە فەرمـانی نـوێژکردنی پێکرا له ئاسماندا، وئەویش ئەم نوێژەیە کە مسوڵمانان ئەنجــامی دەدەن پێـــنج جـــار له ڕۆژ وشـــەوێکدا، وهەروەها له مەککەدا نیشانە ومـوعجیزەیەکی مەزنـی تر ڕوویدا کە ئەویـش بریتـی بـوو له لەت بـوونی مانـگ هەتاوەکو موشریکەکانیش بینیان.

وکافرەکانی قورەیش هەموو هۆکارێکیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی ڕێگری لێـبکەن ؛ ئەمـیش بـۆ ئەوەی خەڵکـی له بانگەوازەکەی دوور بکەوێتەوە، وزۆر زێدەڕەویان کـرد له داواکردنــی بەڵـگە ونیشـانە وئایەتەکـان سـەبارەت بە ڕاســتگۆیی پێغەمبەرایەتـــی، وداوای پشـــتیوانیان له جولەکەکان کرد بۆ ئەوەی بەڵگەیان پێبـدەن کە بتـوانن بەهۆیانەوە گفتوگۆی پێبکەن (موجـادەلەی پێـبکەن) و بۆئەوەی ڕێگری بکەن لەوەی خەڵکی شوێنی بکەوێت.

کاتێک ئازار وئەشکەنجەدانی مسـولْمانان زیـادی کـرد لەلایەن کافرەکـانەوە ؛ پێغەمـبەر -صـلی الـلە علـیە وسلم- ئیزنی دا بە کـۆچکردنی هەنـدێک لە مسـولْمان بەرەو حەبەشە، وپێغەمـبەر -صـلی الـلە علـیە وسـلم- پێیـانی فەرمـوو: پادشـایەکی دادپەروەری تێـدایە کە کەس لە لای ئەو سـتەمی لێناکرێـت. پادشـایەکی گـاوڕ (نەسـڕانی) بـوو، ودوو کـۆمەڵ لە مسـولْمانان کۆچیـان کرد بەرەو حەبەشە، کاتێک گەیشتن بە حەبەشە باسی ئاینی ئیسلامیان کرد بۆ پادشا نەجاشیەکە بەو شـێوەی پێغەمـبەر -صـلی الـلە علـیە وسـلم- پێـی هـاتووە؛ وپادشاکە مسـولْمان بـوو، و ووتـی: واللّٰه ئەمە وئەوەی موسـا -علیـە السـلام- هێنـاویەتی لە هەمـان تـاقەوە هـــاتوون، وقەومەکەی بەردەوام بـــوون لە ئـــازاردانی هاوەڵانی.

ولەوانەی باوەڕیـان پێهێنـا لەو وەرزەدا چەنـد کەسـێک بوو کە لە مەدینەوە هاتبوون وبەیـعەت وپەیمانیـان پێـدا لەسـەر ئـاینی ئیسـلام ولەسـەر سەرخسـتنی ئەگەر کـۆچ بکـات بەرەو مەدیـنە، ولەو کـاتەدا شـاری مەدیـنە نـاوی (یەسـریب: يَثْـرِب) بـوو، وفەرمانـدرا بە ئەوانەیـان لە

مەککەدا ماون کۆچ بکەن بەرەو مەدینەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، بۆیە کۆچیان کرد وئاینی ئیسلام بڵاو بووەوە لە مەدینەدا، وئاینی ئیسلام چووە نێو هەموو ماڵێکی ئەو شارە.

پاش ئەوەی بانگەوازی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ لای خوای گەورە لە مەککەدا سیازدە ساڵی خایاند، خوای گەورە ئیزنی پێدا کە کۆچ بکات بەرەو مەدینە؛ بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کۆچی کرد، ولە بانگەوازی کردن بۆ لای خوای گەورە بەردەوام بوو، ودابەزینی بەشەکانی تری شەریعەتی ئیسلام بەردەوام بوو، ودەستی کرد بە ناردنی نێردراوەکانی بە پەیامەوە بۆ لای سەرۆک هۆز وعەشیرەت وپادشاکان بۆ ئەوەی بانگەوازییان بکەن بۆ مسوڵمان بوون، ولەوانەش کە نێردراوی بۆ لایان نارد: پادشای ڕۆمەکان، وپادشای فارسەکان، وپادشای میسر.

لە مەدینە ڕووداوی خۆرگیران ڕوویدا بۆیە خەڵکی ترسان، ورێکەوت وابوو ئەو ڕۆژە ڕۆژی کۆچی دوایی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو، وخەڵکی ووتیان: خۆر گیرا بەهۆی مردنی

ئیبراهیمەوە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله علـيه وسـلم- فەرمووی: (إن الشمس والقمر لا يكسفان لمـوت أحـد، ولا لحياتـه، ولكنهمـا مـن آيـات الله، يخـوف الله بهمـا عبـــاده) واتە: (خـــۆرگیران ومانـــگ گیـــران بەهـــۆی لەدایکبـوون یـان مردنـی هـیچ کەسـێکەوە ڕوونـادەن، بەڵکو ئەوانە لە نیشانە وئایەت وبەڵگەکانی خـودان، کە بەهۆیانەوە بەندەکانی دەترسێنێت)[٣]، ئەگەر پێغەمـبەر -صلى الله عليه وسلم- درۆزن بـووایە ئەوا بە پەلە ئەو خەڵــکەی دەترســان کە پەیــامەکەی بەدرۆ دەخەنەوە ودەیـــووت: ئەوە خـــۆر بەهـــۆی مردنـــی کـــوڕەکەمەوە گیراوە، ئەی چـی سـەبارەت بە ئەو کەسـەی کە مـن بە درۆ دەخاتەوە.

وپێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسـلم- خـوای گەورە بە کەمـاڵ وئەوپەڕی ڕەوشـــت جـوانی وەســـفی کردووە لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت:

(وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ) واتە: (وبە ڕاستی تـۆ لەسـەر ڕەوشـــت وئاكـــار وخـــوويەكی ئێجگـــار بەرز وگەورەیـــت)

---

[٣](صحيح مسلم: ٩٠١)

[سـورەتی القلـم: ٤]، سـیفەتەکانی هەمـوو ڕەوشـتێکی جـوان بـووو وەکـو ڕاسـتگۆیی ودڵسـۆزی وئـازایەتی ودادپەروەری و وەفـاداری تەنـاتەت بەرامـبەر بەرهەڵسـتاکارانیش، وڕێزلێنـان وبەخشـندەیی وبەخشـینی بە هەزاران وکەم دەرامەتـان وبێـوەژن وخـاوەن پێداویسـتیەکان ؛ بەلاوە خۆشەویسـت بـوو، وسـوور بـوو لەسـەر هیدایەتـدانی خەڵکـی، و بەڕەحـم وبەزەیـی بـوو لەگەڵ خەڵکـی، و بەسـادەیی و خـۆبەگەورەنەزانین هەڵسـوکەوتی لەگەڵیـان دەکـرد، هەتـاوەکو پیـاوێکی نەناسـراو دەهـات وبە دوای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەگەڕا وپرسـیاری لە هاوەڵان دەکرد -ڕەزای خوایـان لێبێـت- سـەبارەتی ؛ لە کاتێکـدا ئەو لە نێوانیانـدا بـوو ونەیدەناسـیەوە، بـۆیە دەیووت: کام لە ئێوە موحەممەدە؟

وژیاننامە وسیرەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نیشـانە وبەڵـگەیەکە لەسـەر جـوانی وکەمـاڵ وبەخشندەیی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەمووواندا: دۆست ودوژمـن، ونزیـک ودوور، وگەورە وبچـووک، وپیـاو وئافرەت، وئاژەڵ وباڵندە.

وکاتێـک خـوای گەورە ئـاینەکەی تەواو وکامـڵ کـرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەیـامی خـودای بە ئەوپەڕی کامڵیەوە گەیانـد، لە تەمەنـی شەسـت وسـێ ساڵیدا کۆچی دوایـی کـرد، چـل سـاڵ لە تەمەن پـێش پێغەمبەرایەتـی، وبیسـت وسـێ سـاڵ لە تەمەن وەکـو پێغەمبەر. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شـاری مەدینە لە گۆڕ دانرا، وهیچ ماڵ وسـامان ومیراتێکـی لە پاش خۆیەوە جێنەهێشت، جگە لە هێسـترێکی سـپی نەبێت، وزەوییەک کە بەخشی بە ڕێبواران وەکو خێر.[٤]

ژمــارەی ئەوانەی کە مســـوڵمان بـــوون وباوەڕیــان بە پەیامەکەی هێنا وشوێنی کەوتن خەڵکێکی زۆر بـوون، ولە حەجی ماڵئاواییـدا زیـاتر لە سـەد هەزار هـاوەڵی لەگەڵـدا بـوو، کە پـێش سـێ مانـگ لە کـۆچی دوایـی ئەنجامیـدا، ولەوەیە ئەمـــیش لە نهێنـــی پاراســـتنی ئـــاینەکەی وبڵاوبـــوونەوەی بێـــت، وهـــاوەڵانی کە لەســـەر بنچیـــنە وڕەوشتەکانی ئاینی ئیسلام پەروەردەیـانی کـرد ؛ باشـترین مـرۆڤ بـوون لە ڕوانـگەی دادپەروەری وزوهـد و وەرەع و

[٤] صحيح البخاري (٤٤٦١) ٦/١٥

وەفاداری وخۆبەخشین بۆ خزمەتکردنی ئەم ئاینە مەزنەی کە باوەڕیان پێهێنا.

وباشــترینی نێــو هــاوەڵان -ڕەزای خوایـان لێبێـت- لە ڕوانــگەی ئیمــان وکــردەوە وبەڕاســتدانان وبەخشــین وئــازایەتی وبەخشــندەیی ئەمــانە بــوون: ئەبــوبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، عەلی کوڕی ئەبـی تاڵـب -ڕەزای خوایـان لێبێـت-، وئەم هــاوەڵە بەڕێــزانە لەو کەســانە بــوون کە لە ســەرەتای بانگەوازەکەیدا باوەڕیان پێـی هێنـا وئەمـانیش لە دوای ئەو بوون بە جێنشـین -خەلـیفە-، وبـوون بە هەڵگـری ئاڵای ئاین لە پاش کۆچی دوایـی پێغەمبەر -صـلی الـله علیه وسلم-، وهیچ تایبەتمەندییەکی پێغەمبەرایەتیان نەبـوو وپـارێزراو -مەعصـوم- نەبـوون لە گونـاهکردن، وپێغەمـــبەر -صـــلی الـــله علـــیه وســـلم- هـــیچ تایبەتمەنــدییەکی ســەبارەتیان بــاس نەکــرد جیـا لە هاوەڵانی تر، مەگەر ئەوە نەبێـت کە ئەمـان لە نێـو ئەو دە هاوەڵەن کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە.

خــوای گەورە ئەو کتێــبەی پاراســت کە پێــی نێــردرا (قورئــان) وهەروەهــا ســونەت وژیاننــامە (ســیرەت)

وفەرمــوودە وکردەوەکــانی پــارێزراون بەو زمــانەی کە قسەی پێکـردووە، وهـیچ ژیاننـامەیەک (سـیرەتێک) لە مێژوودا نەپارێزراوە وەکو پاراستنی سیرەتی پێغەمبەر -صـلی الـله علـیه وسـلم-، بەڵکـو هەمـووی پـارێزراوە وتۆمـارکراوە تەنـانەت چـۆنیەتی خـواردن وخـواردنەوە وخەوتـــن وپێکەنینیشـــی؟ چـــۆن مــــامەڵە لەگەڵ خێــزانەکەی دەکــات ئەگەر بچێــتە مــاڵەوە؟ هەمــوو حاڵەتەکانی وژیاننامەی نووسـراونەتەوە وتۆمـارکراون لە ســیرەتدا، ئەو مرۆڤێکــی پێغەمــبەر بــوو وهــیچ لە تایبەتمەنــدییەکانی پەروەردگــاری نەبــوو، وناتوانێــت ودەســەڵاتی ئەوەی نیــیە هــیچ ســوودێک بە خــۆی بگەیەنێـت یـان زیانێـک لەسـەر خـۆی لابـدات بە بـێ ویسـتی خـودا؛ چـونکە هەمـوو شـتێک لە ژێـر ویسـت ودەسەڵاتی خودایە.

## ٤- پەیامەکەی

خوای گەورە موحەممەدی نارد -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا کە شیرک وکوفر ونەزانین بەسەر زەویدا تەشەنەی کردبوو، ولە سەر زەویدا هیچ کەسێک نەبوو کە خودا بە تەنها بپەرستێت بە بێ بڕیاردانی شەریک وهاوبەش لە پەرستنیدا مەگەر ژمارەیەکی کەم نەبێت لە ئەهلی کتێب (جولەکە وگاوڕەکان)، بۆیە خودا پێغەمبەر موحەممەدی نارد -صلى الله عليه وسلم- وەکو کۆتا پەیامبەر. خوای گەورە بە هیدایەت وئاینی هەق وڕاستی ناردی بۆ هەموو خەڵکی بۆ ئەوەی سەرییخات بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا، وبۆ ئەوەی خەڵکی دەربهێنێت لە تاریکایی بت پەرستی وکوفر ونەزانین بۆ نور وهیدایەتی تەوحید (یەک خودا پەرستی) وئیمان (باوەڕ)، وپەیامەکەی تەواوکاری پەیامی پێغەمبەرانی پێشووە -عليهم السلام-.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگەوازی بۆ هەمان شت کرد کە پێغەمبەرانی پێشوو بانگەوازییان بۆ کرد: نوح وئیبراهیم وموسا وسولەیمان وداود وعیسا وئەوانی تر -عليهم الصلاة والسلام-؛ کە بریتی

بوو له بانگەوازی کردن بـۆ باوەڕهێنـان بەوەی کە خـودا (اللّٰه) پەروەردگـاری هەمـوو بوونەوەرەکـانە تەنهـا ئەو خـــولّقێنەرە ورۆزیـــدەرە وبوونەوەرەکـــان دەمرێنێـــت وزینـــدوویان دەکـــاتەوە وپاشـــا وخاوەنـــداری هەمـــوو شـتێکە، وئەو کاروبـاری بوونەوەرەکـان بەڕێـوە دەبـات، و بە ڕەئفەتە ومیهرەبانە بەرامبەر بوونەوەرەکان، وخودا خولّقێنەری هەموو شـتێکە لە گەردوونـدا ئەو شـتانەی دەیـانبینین وئەوانەش کە نایـان بینـین، وهەرکەسـێک یان شتێک جگە لە خودا دروسـتکراوێکە (مەخلّـوقێکە) لە دروستکراوەکانی خوای گەورە.

هەروەها بانگەوازی کرد بۆ پەرستنی خودا و وازهێنان لە پەرســـــتنی جــــگە لە ئەو زاتە مەزنە، وبە ئەوپەڕی جوانی وکاملّی ڕوونی کردەوە کە خودا تاکە لە پەرستندا ولە مولّــک وخاوەنــداری وخولّقانــدن وبەڕێـــوەبردنی گەردوون وبـــوونەوەردا، وڕوونـــی کـــردەوە کە خـــودا نە منـــدالّی هەبـــووە ونە لەدایکبـــووە، وهـــیچ هاوتـــا وهاوشـــێوەیەکی نیـــیە -ســـبحانە وتعـــالی-، وتـــێکەلّ وبەرجەســتە نابێـت لەگەلّ هـیچ یەکێـک لە بـوونەوەر ودروستکراوەکانیدا.

بانگەوازی کرد بـۆ باوەڕهێنـان بەو کتێبـانەی لە لایەن خـوداوە نێـردراون وەکـو پەڕەکـانی ئیبـراهیم (صـحف إبـراهیم) وپەڕەکـانی موسـا (صـحف موسـا) وزەبـور وتەورات وئینجیـل، وهەروەهـا بـانگەوازی کـرد بـۆ باوەڕهێنان بە هەمـوو پێغەمـبەران -علـیهم السـلام-، وهەروەهـا بانگەشـەی بـۆ ئەم بیروبـاوەڕە کـرد : هەرکەسـێک کـافر بێـت بە پێغەمبەرێـک وبە درۆی بخـاتەوە وەکـو ئەوایە کـافر بووبێـت بە هەمـوو پێغەمبەران وهەموویانی بە درۆزن دانابێت.

مـوژدەی ڕەحـمەت ومیهرەبـانی خـودای بە هەمـوو خەڵکـــی دا، وخـــودا ئەو زاتەیە کە هەمـــوو پێویسـتیەکانیان پێدەبەخشـێت لە دونیـادا، وخـودا پەروەردگـارێکی بە ڕەحـم وبەزەیـیە، وتەنهـا ئەو زاتە لێپرسینەوە لە بەندەکان دەکات کاتێـک لە گۆڕەکانیـان زیندوویان دەکـاتەوە لە ڕۆژی قیامەتـدا، وئەو پاداشـتی ئیمانـداران دەداتەوە لەسـەر ئەنجامـدانی کـردەوە چاکەکـان وچـاکە بە دە ئەوەنـدەیە وزیـاتر هەتـا خـودا بیەوێـت، وخـراپە تەنهـا وەکـو خـۆی دەنووسـرێت، ولە بەهەشـتدا نیعمەتێکـی بەردەوامیـان ونەبڕاوەیـان بـۆ

هەیە، وئەوەی کافر وبێباوەڕ بێت وکـردەوە خراپەکـان ئەنجامبـــدات ئەوا ســـزاکەی لە دونیـــا وقیامەتـــدا وەردەگرێت.

پێغەمـبەر مـوحەمەد -صـلی الـلە علـیە وسـلم- لە پەیامەکەیـــدا بـــانگەوازی نەکـــرد بـــۆ بەشـــکۆدانان ومەزنـدانانی هـۆزەکەی وشـارەکەی ونەفسـی پیـرۆزی خـۆی، بەڵکـو لە قورئـانی پیـرۆزدا نـاوی هەنـدێک لە پێغەمبەران زیاتر لە نـاوی ئەو هـاتووە وەکـو ئیبـراهیم وموسا وعیسـا ونـوح -علـیهم السـلام-، ونـاوی دایکـی وخێزانەکـانی لە قورئـانی پیـرۆزدا باسـنەکراوە، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا باسی دایکی موسـا کـراوە زیـاتر لە یەک جار، وناوی مەریەم -علیها السلام- زیاتر لە سی وپێـنج جار باسکراوە لە قورئانی پیرۆزدا.

پێغەمــبەر مــوحەمەد -صــلی الــلە علــیە وســلم- پارێزراوە (مەعصومە) لە هەموو شتێک کە پـێچەوانەی شـەریعەت وئەقـڵ وفیتـرەت ورەوشـتی جـوان بێـت؛ چـــونکە پێغەمـــبەران -علـــیهم الســـلام- پـــارێزراون سـەبارەت بە گەیانـدنی پەیامەکـان لە لایەن خـوداوە، وپێیـان سـپێردراوە کە فەرمانەکـانی خـودا بگەیەنـن بە

بەنــدەكانی، وپێغەمــبەران -علــيهم الســلام- هــيچ تايبەتمەنـــدی وســـيفەتێكی پەروەردگـــارێتی يـــان خودايەتيان (ئولوهيەتيان) نيـيە؛ بەڵكـو ئەوان مـرۆڤن وەكو هەموو مرۆڤەكانی تر تەنها جياوازييان ئەوەيە كە پێغەمبەری خودان و وەحيان (سروشـيان) بـۆ دێـت لە لايەن خوداوە، ونابێت بپەرسترێن وبكرێن بە هـاوبەش وشەريكی خودا لە پەرستنيدا.

لە مەزنتـرين شـاهێدی دەرەكـان لەســەر ئەوەی كە پەيـامەكەی پێغەمـبەر مـوحەمەد -صـلى الـله علـيه وسـلم- وەحـی وسروشــە لە لايەن خـوداوە ئەوەيە كە هەتا ئەمڕۆ بـوونی هەيە بە هەمـان ئەو شـێوەيەی كە لە ژيانيـــدا پەيـــڕەوی دەكـــرد، وزيـــاتر لە يەک مليـــار مســـوڵمان شـــوێنی دەكەون، و واجـــبە شـــەرعييەكان جێبەجـــی دەكەن وەكـــو نـــوێژ وڕۆژوو وزەكـــات وحەج وجـــگە لە ئەمـــانە بە بـــێ هـــيچ گۆڕانكـــارييەک ودەستكارييەک لە چۆنيەتی ئەنجامدانی پەرستنەكاندا.

## ٥- بەڵگە ونیشانە وئایەتەکانی پێغەمبەرایەتی

خوای گەورە پشتیوانی لە پێغەمبەران کرد بەو ئـایەت ومـوعجیزانەی کە بەڵـگەن لەسـەر پێغەمبەرایەتیـان، وهەروەها ئەو نیشـانە وبەڵگانەیـان پێدەبەخشـێت کە ڕوون وئاشکران وشاهێدن لەسەر ڕاستی پەیامەکەیـان، وهەمـوو پێغەمبەرێـک خـوای گەورە ئەوەنـدە ئـایەت ونیشانە وموعجیزەی پێبەخشیووە کە بەسە بـۆ ئەوەی مرۆڤ باوەڕی پێبهێـنن، ومەزنتـرین ئـایەت ومـوعجیزە کە خوای گەورە بە پێغەمبەرانـی بەخشـی بێـت ئـایەت وموعجیزەکـانی پێغەمبەرمـانە مـوحەمەد -صـلی الـله علیه وسلم-، خوای گەورە قورئـانی پیـرۆزی پێبەخشـی، وئەم ومـــــوعجیزەیە هەتـــــاوەکو ڕۆژی قیــــامەت دەمێنێتەوە، وهەروەها خوای گەورە ئـایەت ونیشـانەی زۆری تــری پێبەخشـــی، وموعجیزەکـــانی پێغەمـــبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- زۆرن، لەوانەش:

ئیســـرا ومیعـــراج (شـــەوڕەوی وبەرزبـــوونەوە بەرەو ئاســمان)، ولەت بـــوونی مانــگ، وبــاران بــارین چەنــد جارێک پاش ئەوەی نزای کـرد کە خـودا بـاران ببارێنێـت بەهۆی ئەوەی خەڵکی تووشی وشکەساڵی بوون.

زۆربـوون وبەرەکەتـدار بـوونی خـواردن وئـاوێکی کەم ئەمیش دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لێـی بخـۆن یان بخۆنەوە.

هەمـوو ئەو هەواڵانەی کە باسـیکردووە سـەبارەت بە شـتە نەزانراوەکـان (غەیبیەکـان) هـیچ کەسـێک بەم وردەکـاریيە ئەو ڕووداوانەی بـاس نەکـردووە، وەکـو هەواڵـدانی سـەبارەت بە چیرۆکـی پێغەمـبەران لەگەڵ قەومەکانیـان، وچیرۆکـی یـارانی ئەشـکەوت (أصـحاب الكهف) وجگە لە ئەمانە.

هەواڵدانی سەبارەت بە ڕووداوە نەزانراو وشـاراوەکانی داهـاتوو (غەیبیەکـان) ؛ بەهـۆی پێڕاگەیانـدنی بـوو لەلایەن خـودا لەڕێـگەی وەحـی، وەکـو هەواڵـدانی بە دەرچـوونی ئاگرێـک لە خـاکی حیجـازەوە وئەم ڕووداوە ڕوویدا وخەڵکی شام بینیان، وهەروەهـا بەرزکـردنەوەی باڵەخانەکان لە لایەن کەسانێکی دیاریکراو.

بەڵـگە ئەقڵیەکـان ونمـونە باسـکراوەکان[٥]، کە ئەقڵـی سەلامەت دانی پێدا دەنێت.

---

[٥] هەروەکـو خـوای گەورە دەفەرموێـت: (يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ ضُـرِبَ مَثَـلٌ فَاسْـتَمِعُوا لَـهُ إِنَّ الَّـذِينَ تَـدْعُونَ مِـن دُونِ اللَّـهِ لَـن يَخْلُقُـوا ذُبَابًـا وَلَـوِ

یـــارمەتی وپشـــتیوانیکردنی لە لایەن خـــوای گەورە وپاراستنی لە زیانی خەڵکی.
ئەو پەیمانانەی بە هاوەڵانی فەرمووە هاتە دی، وەکو: (لتفتحن عليكم فارس والروم، ولتنفقن كنوزهما في سبيل الله)
واتە: (فارس ورۆم فەتح دەکەن -ڕزگار دەکەن-، وخەزێنەکانیان (ئاڵتون وزیو وسامانەکانیان) لە پێناو خوای گەورە دەبەخشن وخەرجی دەکەن).
خـودا یارمەتیـدا ئەویـش بە نـاردنی فریشـتەکان بـۆ ئەوەی پشتیوانی بن.
مـوژدەی پێغەمـبەران -علـیهم الصـلاة والسـلام- بـۆ قەومەکانیـان سـەبارەت بە پێغەمبەرایەتـی مـوحەمەد -صـــلی الـــلە علـــیە وســـلم-، ولەو پێغەمـــبەرانەش کە

---

اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْـهُ ضَـعُفَ الطَّالِـبُ وَالْمَطْلُــوبُ) [ســورة الحــج:٧٣] واتە: (ئەی خەڵکیــنە، نمــوونەیەک هێنراوەتەوە جا گوێی بۆ بگرن بێگومان ئەوانەی هاواریان لـێ دەکەن لە جیـاتی خـودا هەرگیـز نـاتوانن مێشـێک دروسـت بـکەن هەرچەنـد هەمووشـیان بـۆی کـۆببنەوە وئەگەر مێشـیش شـتێکیان لـێ بفڕێنێـت ناتوانن لێی بسێننەوە، داواکار وداوالێکراو لاواز وبێ دەسەڵاتن)

موژدەیان بە هاتنی داوە: موسا وداود وسولەیمان وعیسا وپێغەمبەرانی تری نەوەی ئیسرائیل -علیهم السلام-.

ئەم ئایەت ونیشانە وبەڵگە ونمونانە زۆر وبەربڵاون لە قورئـان وسـونەت وژیاننـامەی (سـیرەتی) پێغەمـبەر -صـلی الـله علـیه وسـلم-، وبەڵـگە ونیشـانەکانی پێغەمبەرایەتـی مـوحەمەد -صلی الـله علـیه وسـلم- زیاترن لەوەی سنووردار بکرێن، وهەرکەسێک دەیەوێت بینـاخوێنێتەوە ئەوا بـا سـەیری قورئـان وسـونەت وکتێبەکانی سیرەت بکات کە پڕن لە هەواڵـی دڵنیـادەر ویەقینی سەبارەت بەم ئایەت ونیشانە وموعجیزانە.

ئەگەر ئەم نیشانە وموعجیزە مەزنانە ڕوویان نەدایە ؛ ئەوا دوژمنانی پێغەمـبەر -صلی الـله علـیه وسـلم- لە کافرەکـانی قـورەیش وجـولەکە ونەسـڕانیەکان کە لە دورگەی عەرەبیدا بوون بەهەلیان دەزانـی بـۆ ئەوەی بە درۆی بـخەنەوە، وخەڵکـی لـێ ئاگـادار بـکەنەوە چـونکە هیچ موعجیزە ونیشانەیەکی پێ نییە کە بیسەلمێنێت پێغەمبەری خودایە.

قورئـانی پیـرۆز ئەو کتێـبەیە کە خـودا نـاردی بـۆ پێغەمبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسـلم-، وقورئـان

وتەی پەروەردگاری هەمـوو جیهانیـانە، وخـودا ڕکـابەری هەموو مرۆڤ وجنۆکەکانی کـردووە کە کتێبێـک بهێـنن وەکو قورئان یـان سـورەتێک بهێـنن وەکـو سـورەتەکانی قورئــان، وئەم ڕکــابەری کــردنە بەردەوامە هەتــاوەکو ئەمـڕۆ، وقورئـانی پیـرۆز وەڵامـی زۆر پرسـیاری گرنـگ دەداتەوە کە خەڵکـــی ســـەبارەت بە دۆزیـــنەوەی وەڵامەکانیان تووشی سەرگەردانی بوون، وقورئانی پیرۆز بە زمـانی عەرەبـیە وهەتـاوەکو ئەمـڕۆش هەر بە ئەو زمـانە پـارێزراوە، وتەنـانەت یەک پیتیشـی لـێ کەم نەبووەتەوە، وچاپکراوە وبڵاوکراوەتەوە، وکێبێکـی مەزنە ودەستەوەستێن کارە، ومەزنترین کتێبە کە بـۆ خەڵکـی هاتبێت، ودەبێت مـرۆڤ بیخـوێنێتەوە یـان وەرگێـڕاوی ماناکانی بخوێنێتەوە.

هەرکەسێک بێـبەش بێـت بە ئیمـان وباوەڕهێنـان بە ئەم کتێبە وخوێندنەوەی ئەوا بێگومان هەموو خێرێکی لەدەســتچووە، وســونەت وڕێبــاز وژیــانی (ســیرەتی) پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پـارێزراوە ونەقڵکـــراوە لەڕێــگەی زنجیـــرەیەک گێـــڕەرەوەی متمـانەپێکراو، وتۆمـارکراون لە چەنـدەها کتێـب کە بە

زمـــانی عەرەبـــی نووســـراونەتەوە ؛ ئەو زمـــانەیە کە پێغەمبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- قسـەی پێکردووە هەروەکو ئەوە وابێـت ئێسـتا لە نێوانمانـدایە وقسە دەکات، و وەرگێـڕدراوە بـۆ سـەر چەنـدین زمـان، وقورئانی پیرۆز وسـونەتی پێغەمـبەر -صـلی الله علـیه وسـلم- تـاکە سـەرچاوەی ئەحکـام وتەشـریعاتەکانی (یاساکانی) ئاینی ئیسلامن.

## ٦- ئەو شەریعەتەی کە پێغەمبەر موحەمەد ﷺ پێی هاتووە

ئەم شەریعەتەی کە پێغەمـبەر مـوحەمەد -صـلی الـله علیه وسلم- پێی هاتووە ؛ شەریعەتی ئیسلامە، کە کۆتـا شـــەریعەت وپەیـــامی خـــودایە، لە بنچیـــنەدا وەکـــو شەریعەتی پێغەمبەرانی پێشووە ئەگەرچیش هەندێک لە حوکمەکانی ئەم شەریعەتە لە چۆنیەتیدا جیاوازە.

شەریعەتی ئیسلام لە ئەوپەڕی کامڵی وتەواویدایە، وبـۆ هەمـــوو ســـەردەم وشـــوێنێک دەگونجێـــت، وهۆکـــاری چـــاکبوونی دینـــداری ودونیـــای خەڵکـــیە، وهەمـــوو ئەو پەرســـتنانەی تێـــدایە کە واجـــبە لەســـەر بەنـــدەکان بـــۆ

پەروەردگار ئەنجامی بدەن وەکو نوێژ کـردن وڕۆژوو گـرتن، و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مامەڵە داراییەکـان وئابورییەکـان وکۆمەڵایەتیەکـــان وسیاســـیەکان وجەنگیەکـــان وژینگەییەکــــــان، وئەوەی ڕێگەپێــــــدراوە وئەوەی قەدەغەکراوە وجگە لە ئەمانەیش لەو شتانەی کە مـرۆڤ پێویستی پێی هەیە بۆ دونیا وبۆ دواڕۆژی.

ئەم شــەریعەتە ئـاین ودینــداری خەڵکــی دەپارێزێــت وهەروەها نەفس (خوێن) وناوبانـگ (شـەرەف) وسـامان وئەقـڵ ونەوەکانیـان دەپارێزێـت، وشـەریعەتی ئیسـلام هەموو فەزڵ وچاکەکارییەکی تێدایە، وئاگاداری وهەڕەشە دەکات سەبارەت بە هەموو بەدڕەوشتی وخراپەکـارییەک، وئیسـلام بانگەشـە دەکـات بـۆ ڕێزگـرتن لە مرۆڤەکـان ومامناوەندی ودادپەروەری ودڵسۆزی وپـاکێتی و وردبینـی وخۆشەویستی، وخۆشویسـتنی خێـر وچـاکە بـۆ خەڵکـی، وپاراستنی خـوێنی خەڵکـی، وپاراسـتنی ئەمـن وئاسایشـی وڵاتەکـان، وترسـاندنی خەڵکـی حەرامکـردووە بە نـاهەق، وپێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- جەنگـی بەرپــا دەکــرد لە دژی تێپەڕانــدنی ســنوورەکانی خـــودا وخراپەکـاری وخـوڕافەت وپەڕگیـری وڕەهبـانیەت (دوورە

پەرێزی لە خۆشیە حەڵاڵەکانی دونیا بە نیەتی پەرستن) ؛ بە هەموو شێوەیەک.

پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە خوای گەورە ڕێزی لە هەموو مرۆڤەکان گرتووە -بە پیاوان وئافرەتانەوە-، وهەموو مافێکی پێیان بەخشیووە، ومرۆڤ بەرپرسیارە سەبارەت بە بژاردەکانی وکردەوەکانی وهەڵسوکەوتەکانی، وتەنها خودی ئەو مرۆڤە بەرپرسیارە سەبارەت بە هەرشتێک کە ببێتە هۆی زیان بۆ نەفسی خۆی یان زیان بۆ خەڵکی، وئاینی ئیسلام پیاو وئافرەتی بە یەکسان داناوە لە ڕوانگەی ئیمان وبەرپرسیاریەتی وپاداشت وسزا، ولەم شەریعەتەدا گرنگیەکی تایبەت بە ئافرەت دراوە ئەگەر دایک یان هاوسەر یان خوشک یان کچ بێت.

وئەم شەریعەتەی کە پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- هێناویەتی یەکێک لە ئامانجەکانی بریتیە لە پاراستنی ئەقڵ وحەرامکردن وقەدەغەکردنی هەرشتێک ببێتە هۆی تێکچوون ونەمانی ئەقڵ وهۆش وەکو مەی خواردنەوە (خواردنەوەی بێهۆشکەرەکان)، ئیسلام ئاینی وەکو ڕۆشنکەرەوەی ڕێبازی ئەقڵ ناساندووە؛ بۆ ئەوەی مرۆڤ خودا بپەرستێت بە چاوڕۆشنی وزانستەوە،

وشەریعەتی ئیسلام باسی ئەقڵ وهۆشی بە مەزن داناوە وبوونی ئەقڵ وهۆشی بە مەرج داناوە بۆ واجب بوونی ئەرکە شەرعییەکان (تەکلیفە شەرعییەکان)، وئەقڵی ئازاد کرد لە کۆت وزنجیری خوراڤیات وبت پەرستی.

شەریعەتی ئیسلام زانستی ڕاست بە مەزن دادەنێت، وهانی مرۆڤ دەدات بۆ گەڕانی زانستی دوور لە هەوا وئارەزوو، وبانگەشە دەکات بۆ تێڕوانین وبیرکردنەوە لە نەفس ودەروون وبوونەوەر وگەردوون، ودەرەنجامە ڕاست ودروستەکانی زانست بە هیچ شێوەیەک تووشی پێکدادان نابێت لەگەڵ ئەم پەیامەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی هاتووە.

لە شەریعەتی ئیسلامدا هیچ ڕەگەزێک یان گەلێک پلە وتایبەتمەندی وفەزڵی نییە بە سەر ڕەگەز وگەلێکی ترەوە، بەڵکو هەموویان لە پێش حوکمە شەرعییەکاندا یەکسانن، وهەموو مرۆڤەکان لە بنچینەدا وەکو یەکن وفەزڵی هیچ ڕەگەز وپێست وگەلێک نییە بەسەر ئەوانی ترەوە مەگەر بە پێی تەقواداری نەبێت، وپێغەمبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە کە هەموو منداڵێک لەسەر فیترەت لە دایک دەبێت،

وهــیچ مرۆڤێــک به گوناهبــاری لەدایــک نابێــت یــان میراتگری گوناهی مرۆڤێکی تر نییه.

خــوای گەوره له شــەریعەتی ئیســلامدا تەوبەی دانــاوه ئەمیش بریتیه له: گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ لای پەروەردگـار و وازهێنان له تاوان وگوناهەکان، ومسوڵمان بوون وپەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام هۆکاره بۆ لێخۆشبوون له تاوانەکـانی پێشــووتر، وتەوبه کــردن هۆکــاره بــۆ لێخۆشــبوون له تاوانەکــانی پێشــووتر، وبــۆیه پێویســت ناکــات مــرۆڤ تاوانەکانی لای مرۆڤێکی تر باس بکات ودانیان پێدا بنێت، له ئــاینی ئیســلامدا پەیوەنــدی نێــوان مــرۆڤ وخــودا پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆیه، ومـرۆڤ پێویسـتی به هـیچ کەسێک نییه بۆ ئەوەی ببێـته ناوەنـد (واسـته) له نێـوان ئەو وخـودا بـۆ ئەوەی خـودا له تاوانەکـانی خـۆش بێـت، وئاینی ئیسلام بەرز کردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی خـودایەتی (ئولوهیەت) قەدەغه دەکات، ونابێـت مرۆڤەکـان بکـرێن به خودا وبپەرسترێن وهەروەهـا نابێـت بکـرێنه شـەریک وهاوبەشی خودا له پەرستنیدا یان له پەروەردگارێتیدا.

ئەم شەریعەتەی که پێغەمـبەر مـوحەمەد -صـلی اللـه علــیه وســلم- هێنــاویەتی هەڵوەشــێنەرەوەی هەمــوو شەریعەتەکانی پێشووه، چونکه شەریعەتی ئیسـلام کۆتـا

شەریعەتە لە لایەن خوداوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وبۆ هەمـوو خەڵکـیە؛ بـۆیە هەمـوو شـەریعەتەکانی پێشـوو هەڵوەشـێنرایەوە وچیتـر نابێـت کردەوەیـان پێبکرێـت، هەروەکـــو چـــۆن شـــەریعەتەکانی پێشـــوو یەکتریـــان هەڵدەوەشـــاندنەوە، وخـــودا پـــاش نـــاردنی پێغەمـــبەر مـــوحەمەد -صـــلی الـــلە علـــیە وســـلم- تەنهـــا ئـــاین وشەریعەتی ئیسلام قبوڵ دەکات، وهەرکەسـێک شـوێنی ئاینێکی تر بکەوێت وپەیڕەوی بکات جگە لە ئاینی ئیسلام ئەوا لە ڕۆژی قیامەتـدا لێـی قبـوڵ ناکرێـت ولە دۆڕاوان دەبێــــت، وئەوەی دەیەوێــــت وردەکارییەکــــانی ئەم شەریعەتە بزانێـت ئەوا بـا بە دوایـدا بگەڕێـت لەو کتێـبە متمانە پێکراوانەی کە ئاینی ئیسلام دەناسێنن.

ئامانجی شەریعەتی ئیسلام -هەروەکو ئامانجی هەموو پەیامەکانی تری خـودا-؛ بڵنـدکردنەوەی پلەپـایەی مـرۆڤە ئەمـیش بەوە دەبێـت کە تەنهـا پەروەردگـار بپەرسـتێت بەدڵسۆزییەوە و بە بێ بڕیـاردانی شـەریک وهـاوبەش لە پەرستنیدا، وئاینی ئیسلام مـرۆڤ ئـازاد ورزگـار دەکـات لە بەنـــدایەتی کـــردن بـــۆ مرۆڤەکـــان ومـــاددە وشـــتومەک وخوراڤیات.

شـەریعەتی ئیسـلام بـۆ هەمـوو شـوێن وسـەردەمێک دەگونجێـــت، وهـــیچ شـــتێکی تێـــدا نیـــیە کە دژی بەرژەوەندییە تەندروست وبەسوودەکان بێت بـۆ مـرۆڤ، چونکە لە لایەن خوداوە دابەزێندراوە کە دەزانێت خەڵکـی پێویســـتیان بە چـــی هەیە، وخەڵکـــی پێویســـتیان بە شەریعەتێکی دروست هەیە لە خودی خۆیدا، کە دژیەکـی تێـدا نەبێـت، وبـۆ مرۆڤەکـان گونجـاو بێـت، ومرۆڤەکـان دایان نەهێنابێت بەڵکو لە لایەن خوداوە دابەزێنـدرا بێـت کە هیدایەت ورێنموێنی خەڵکـی بکـات بـۆ ڕێگـای ڕاسـت وچاکەکـــاری، وئەگەر حـــوکم وبڕیـــار بـــبەنەوە بـــۆ لای شەریعەت ئەوا حاڵ وگوزەرانیـان بـاش دەبێـت وپـارێزراو دەبن لە ستەمکردن لە یەکتر.

## ٧- تێڕوانینی (بەرهەڵستکارانی) دوژمنانی سەبارەتی وشاهێدی بۆدانیان

بێگومان هەموو پێغەمبەرێک بەرهەڵستکار ودوژمنی هەبـــووە کە دژایەتیـــان کـــردووە و لەســـەر ڕێگـــای بانگەوازییەکەی وەستاون، وڕێگر بوون لە خەڵکی کە باوەڕی پێبهێنێت، وپێغەمبەری خودا موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- دوژمنی زۆری هەبوو لە کاتی ژیانی ولە پـــاش مردنیشـــی، وشـــاهێدیدانی زۆریـــان هەیە لەســـــەری -لەو ســـــەردەمە ولە ئێستایشـــــدا- کە پێغەمبەرە، وئەو پەیامەی کە پێی هاتووە وەکو پەیامی پێغەمبەرانـــی پێشـــووە -علـــيهم الصـــلاة والســـلام-، ودەزانن کە لەسەر هەق وڕاستییە وئەو هۆکارانەی کە ڕێگـــرن لە بەرهەڵســـتکاران ودوژمنـــانی کە بـــاوەڕی پێبهێنن بریتین لە: خۆشەویستی دەسەڵات و پلەوپایە یـان ترسـی کۆمەڵگا وشـوێنکەوتووان لەوەی کە لێـی هەڵبگەڕێنەوە، یان ترسی لە دەستدانی ئەو سامانەی دەستی دەکەوێت بەهۆی ئەو پلەوپایە ودەسەڵاتەوە.

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان.

نوسینی: مامۆستا دکتۆر/ محمد عبدالله السحیم
مامۆستای عەقیدە  لە بەشی خوێندنەوە ئیسلامیەکان (لە پێشوودا)
کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی (الملك سعود)
ریاز، شانشینی عەرەبستانی سعودیە

# پێڕست

پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد - صلى الله عليه وسلم- ٣
پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد - صلى الله عليه وسلم- ٤
1- ناوی ورەچەڵەکی وئەوشارەی تێیدا لەدایکبووە و پەروەردە وگەورەبوونی ٤
2- هاوسەرگیرییەکی پیرۆز لەگەڵ ئافرەتێکی پڕ خێری خانەدانی گەورە ٦
3- دەستپێکردنی وەحی (سروش) ٧
4- پەیامەکەی ١٩
5- بەڵگە ونیشانە وئایەتەکانی پێغەمبەرایەتی ٢٤
6- ئەو شەریعەتەی کە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ پێی هاتووە ٢٩
7- تێڕوانینی (بەرهەڵستکارانی) دوژمنانی سەبارەتی وشاهێدی بۆدانیان ٣٦
پێڕست ٣٨

# ئیسلام بناسە بە

# زیاتر لە ١٠٠ زوبان


موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

وەرگێڕاوی وردی واتاکانی قورئانی پیرۆز بە زیاتر لە (٧٥) زمان .

بيان الإسلام
byenah.com

بابەتی هەڵبژێردراو بۆ پێناساندنی ئیسلام و فێرکردنی بە زیاتر لە (١٢٠) زمان.

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

وەرگێڕاوی وردی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و شرۆڤەکانیان بە زیاتر لە (٦٠) زمان.

ما لا يسع أطفال المسلمين جهله
kids.islamenc.com

پرسیار و وەڵام بۆ منداڵان و هەموو موسڵمانان بە زیاتر لە (٤٠) زمان.

جامع المحتوى الإسلامي باللغات
islamcontent.com

بابەتە ئیسلامییە جۆراوجۆر و گشتگیرەکان بە زیاتر لە (١٢٥) زمان .

موسوعات وخدمات إسلامية باللغات
s.islamenc.com

بۆ سەردانیکردنی ماڵپەڕی زیاتر بە زمانەکانی جیهان (s.islamcontent.com)

جـمـعـيـة الـدعــوة
وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات




Ku198

ISBN/978-603-8442-03-6